# بابی تەحسین
# ئەو مرۆڤەی بەستەلّکی ترسی شکاند وبەتاکەنەعلەکەی هەرەسی { کۆماری ترس*}ی ڕاگەیاند

گۆران هەڵەبجەیی

{٩}ی ئاپریل ڕۆژێکی زێڕینە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەگشتی وە گەلانی عێراق بەتایبەتی وە ئیمەی کورد تایبەتیتر ٠ئەوڕۆژە مژدەو پەیامی دارمانی دڕندەترین ڕژیمی ئەم سەردەمەی لەهەناویدا هەڵگرتبوو٠ نۆی ئاپریل وەگ هەر ڕووداوێکی گرنگی دیکە لە ڕەوەندی ژیانی گەلانی جیهاندا لەدەروازەیەکی بەرینەوە دەچێتە نێو تۆمارگای مێژووەوە٠ درووستە لەو ڕۆژەدا بەغدای پایتەخت گیرا و هێزەکانی بەعس هەرەسیانهێنا و بلاّوەیانلێکرد، وە زریپۆشەکانی ئەمەریکاش لەشەقامەکانی شارەکەدا دەبینران، بەلاّم بەرلەوەی هێزەکانی هاوپەیمان بەڕسمی ڕمانی ڕژێمی سەدام ڕابگەیەنن، مرۆڤێکی ولاّتپارێز، زەحمەتکیش، چەوساوەی دەستی ڕژێم ئەو ئەرکە پیرۆزەی گرتە ئەستەی خۆی و جیهانی ڕاچڵەکاند ٠ئەو کەسەش بابی تەحسینە کەناوی {جواد کازم عواد}ە ٠دانیشتوی باژێڕی سەورەی{شۆڕش} نزیك بەغدایە و بەفرۆشتنی گۆشتیبرژاو لەسەر عەرەبانەیەکی دەستگێربژێوی ڕۆژانەی خۆی پەیدە دەکات٠ لەو ڕۆژودا واتە نۆی ئاپریل زۆربەمان لەسەر شاشەی تەلەفزیونە جیهانیەکان بابی تەحسینمان دیت کەبە تاکە نەعلەکەی بەربووە وێزەی وینەیەکی مەزنی دیکتاتۆر و سیمای دەکوتیەوە، هاوکات هاوارە پڕحەسرەتەکەی ویژدانی مرۆڤایەتی بزوان کە دەیگووت{هاوار خەلّکینە ئەمە چی پێکردین، ولاّتەکەمانی وێرانکرد، گەنجەکانمانی دابەکووشت٠٠٠٠تاد}٠وەك خۆی بۆ ڕۆژنامەی هاولاّتی باسکرد لەگێژداوی هاوارو حەسرەت و خۆشیدا لەهۆشخۆی چووبوو٠ وێنەی پڕنرکەوناڵەی بابی تەحسین تاچەند ڕۆژێکیش میوانی بەردەوامی سەر شاشەکان بوو٠ هاوکات میدیاکانی عەرەب وجیهانی چەنین دیمانەیان لەتەکدا سازکردبوو٠

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەم سەرگرووشتەی تاکەنەعلەکەیەتی کە بۆ پەیامنێری هاولاّتی باسکردبوو، کوێتیەکان پارەیەکی خەیالّیان پێبەخشیبوو لەبری ئەوتاکە نەعلەی کە سیمای دکتاتۆری پێ کوتیبوویەوە ٠بەلاّم بابی تەحسین لەگەلّ ئەو هەمووەدەستکوورتیەشیدا قایل نەبووە بیفرۆشێت، چونکە بەسامانی گەلّی عیراقی داناوە٠ وەلە ئایندەدا لەپێشەنگایەکی حیزبی شیوعی عیراقدا کەتایبەت دەبێت بە ڕزگاری عێراق پەخشدەکرێت٠ لەوڕۆژەدا واتە ڕۆژی هەرەسەکە خەلّکانێکی زۆر سەرقالّی فەرهودو تالاّنی بوون بابی تەحسینش خولیای پەیداکردنی وێنەیەکی {پاشای عەرشی کەلاوە*}بوو تا ڕکووکینەی پیرۆزی چەندین سالّەی خۆی تێدا بەتالّکاتەوە٠

ماوەیەك لەمەوبەر بابی تەحسین سەردانی کوردستانی کرد، وە لە شەقلاّوا لە بارەگای حیزبی شیوعی عێراق پێشوازیەکی گەرمیان لێکرد٠ هاوکات دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیان بۆسازکرد٠ لەوەلاّمی پرسیارێکدا کەبۆچی ئەویش وەك کەسانی دیکە خەریکی تالاّنی نەبوو٠ بابی تەحسین گووتی: حیزب فێری ئەخلاقی کردووم، ئەوە تالانیەی لەسەر شاشەی تەلەفزیونەکان دیتان تەواو دژبەو ڕەوشتانەیە کە حیزب فێریکردووم، لە ئەخلاق وڕاستگۆیی و دەستپاکی٠هەردەم دەینپارێزم جا لەهەر بارودۆخێکدابێت٠

بابی تەحسین بێ ئەوەی بەخۆتبزانیت بوویتە سونبولّی ئازادی وسەرفرازی٠

بابی تەحسین تۆیەکەمکەس بوویت بەستەلّەکی ترست شکاند، گۆمی مەنگت شلّەقاند٠

بابی تەحسین لێزمەی تاکەنەعلەکەت بەیانی هەرەسی مێژوویەکی ڕەشو خوێناوی ڕاگەیاند٠

سلاّوت لێبێت بابی تەحسین٠

***Halabja@ofir. dk***

---

*کۆماری ترس ناونیشانی کتێبە بەناوبانگەکەی سیاسەتمەدارو نووسەری عێراقی {کەنعان مەکییە}یە٠

٭پاشای عەرشی کەلاوە ناونیشانی بابەتێکی سیاسی شاعیرو نووسەری بەتوانا کاك﴿ حەمە سەعید حەسەن﴾ ە ٠

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت